# بۆ منداڵانی عێراقی

الف: بێهرەنگ

وەرگێران: عوسمان ـ م




لەسەر گۆنا بچکۆلەکانی تۆ، ئەی رۆڵە جگەر گۆشەکەم
لەسەر گۆناکانی تۆ، ئەی هەتاوی گەنج
ئەم برینانە
برینی بێ بەهاری بەشەر
ئەم برینانە
شوێنەواری تاوانی جیهانی پێچەوانەی ئینسانە کە دەیبینم.

لەسەر گۆناکانی تۆ
لەسەر سووریی گۆناکانت
ئەمە خەندە نییە کە دەجولێ؛ نە،
ئەمە خەندە نییە،
ئەمە لەرزین بەدەم سۆزی ئازارەوەیە

لەسەر گۆناکانی تۆ
لەسەر گۆنا سوتاوە بێتاوانەکانی تۆ
ئەم برینانە

دیاریی "نەجات دەرانی درۆینەی گیانی جیهانە"
ئەم فرمێسکانە
نەشتەری زۆڵم و جەوری فەرعەونەکانی سەردەمە کە دەیبینم.

بەڵام لەسەر گۆناکانی من
لەسەر گۆناکانی ئێمە
لافاوێک لەفرمیسکی ڕقی دایکانی زەوییە هەستاوە

لەسەر گۆناکانی من بەڵام
لەسەر گۆناکانی ئێمە
چەخماخەیەک لە ڕقی خوێنی باوکانی جیهانە کە دەیبینم دەهاوێ.

بەڵێ،بەڵێ
لە دڵی تەنگ و بەژانی ئەم داستانەی خوێن
لە غەریباوای ئەم جیهانە کۆنە زاڵمانەیە
هەروەها شوێنەوارێک
لە بێداری ویژدان و لە ویژدانی بێداری جیهان دەبینم.